# ئیمامی شافعی

خوێنەری خۆسەویست،چرای مەجلیسی ئەمڕۆمان ،یەکەم دووڕناسی دەریایی مەعانی،زانا بە مەعناو لەفزی قورئانی،زانیاری دەریا،ئەو مەلەوانی،فەرموودەکانی لەعلی یەمانی،هاتە شاری شەرع،بوو بە سوڵتانی،ڕابەرو واریسی دیینی پێغەمبەری،ڕووناك كەرەوەی دیین و دنیایی بە شەری،بە ڕوو پشت ئەتڵەس،حەزرەتی((ئیمامی شافیعی)) یە،جا،با زۆر بە ئەدەب و بە دڵ باسی ژیان و فەرمایشتەکانی بخوێنینەوە سودیان لێ وەرگرین،مسوڵمانینە،شتێکی زۆر خۆشە پیاو بزانێ،سەر مەزهەبەکەی کێیەو چۆن ژیاوە و ناوی چی بووە و چی بە سەر هاتوە و چی فەرمووە،دوای دەست ماچ کردن و بەخێر هاتنی،عەرزی ئیمامی مالیك دەکاو دەڵێ:قوربان هاتوومە خزمەتت،گوێم لێ بگری،کتێبەکەت دەخوێنمەوە،بزانە دەی زانم؟ئیمامی مالیك چوونکە تەماشای کرد بە تەمەن منالّ بوو،فەرمووی:بچۆ لای حەبیبی کاتیب،با گوێت لێ بگرێ،((ئیمامی شافعی))،گووتی:قوربان دوو سێ لاپەڕەت بۆ دەخوێنمەوە،ئەگەر پێت باش نەبوو دەچم بۆلای ئەو،فەرمووی:بلّێ:بزانم،((ئیمامی شافعی))هەندێکی بۆ خوێندەوە و ڕاوەستا،ئیمامی مالیك فەرمووی:دەی وەخوێنە،هەموو کتێبەکەی بە ڕەوانی بۆ خوێندەوە،ئیمامی نالیك زۆری لا سەیر بوو ئەو کوڕە گەنجە لەو تەمەنە کەمەدا ،ئەوا زیرەکە،فەرمووی:ئەی ((محمد))،ئاگات لە خۆت بێ،تۆ دەبییە زانایەکی زۆر گەورە،ماوەیەك لە خزمەتی ئیمامی مالیك دەمێنێتەوە،لە پاشان دەگەڕێتەوە بۆ مەککە،زیرەکی و زەکاوەتی،((ئیمامی شافعی))،لە ئەندازە بە دەر بووە،ڕۆژێك لە خزمەت ئیمامی مالیك دەبێ،پیاوێك دێتە خزمەت ئیمامی مالیك و عەرزی دەکا دەڵێ:قوربان من بولبول فرۆشم،دوێنێ بولبولێکم بە پیاوێك فرۆشتووە،کەچی ئەمڕۆ بە سەریدا دامەوە دەڵێ:ناخوێنێ،منیش تەڵاقم خوارد گووتم:تەلاقم کەوێ بێ دەنگ نابێ،هەر دەخوێنێ،کابرا گووتی:ئایا تەلاقم دەکەوێ؟ئیمامی مالیك فەرمووی:بەڵێ تەڵاقت کەووتووە،((ئیمامی شافعی))گوێی لە وەڵامەکەی مالیك بوو،چووە سەر ڕێگای کابراو گووتی:ئەرێ کاکە،بول بولەکەت بە زۆری دەخوێنێ؟لەکاتی خۆیدا یان بی دەنگ دەبێ،؟کابرا گووتی:بە زۆری دەوێنێ،فەرمووی:دە بچۆ بە ئیمامی مالیك بلّێ:قوربان کوڕێکی گەنج لە دەرەوەیە،عەرزت دەکا،تەڵاقەکە نەکەوتووە،کابرا گەڕایەوە عەرزی ئیمامی مالیکی کرد،ئیمامی مالیك فەرمووی:بچۆ ئەو کوڕەم بۆ بانگ بکە،کابرا چوو((ئیمامی شافعی))بانگ کرد،ئیمام مالیك فەرمووی:کوڕم،بەڵگەت چیە لە سەر نەکەوتنی ئەو تەڵاقە،؟گووتی:قوربان،جەنابت ئەو ڕۆژە نەت فەرموو:دەڵێن:ڕۆژێك فاتمەی کچی قەیس دەچێتە خزمەت پێغەمبەر و عەرزی دەکاو دەڵێ:قوربان بێ ئەدەبی نەبێ،پرسێکت پێ دەکەم،دەفەرمووێ :بلّێ:بزانم،ئەڵێ:مەعاویە و ئەبو جوهەم هەردووکیان داوام دەکەن،شوو بە کامیان بکەم؟حەزرەت فەرمووی:موعاویە فەقیرە ئەبو جوهەمیش قەد عەباکەی لە سەر شانی دانانێ،واتە هەر دەخواو دەخەوێ،گووتی:قوربان ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر مانای وانیە کە قەت هیچی پێ ناکرێ،بەڵکو مەعنای وایە زۆربەی کات وایە،

ئەو پیاوەش کە تەڵاقی خواردووە و گووتوویەتی:بێ دەنگ نابێ و دەخوێنێ،نیەتی پێ ئەوە بووە کە بە زۆری دەخوێنێ،کە واتە تەڵاقەکەی ناکەوێ،ئیمای مالیك قسەکەی وەرگرت و زۆر ئافەرینی کرد و فەرمووی:لەم ڕۆ بە دواوە تۆ حەقی ئەوەت هەیە فتوا بدەی،ئینجا تەسریفی دێ بۆ بەغدا و ماوەی دوو ساڵ لە بەغدا دەمێنێتەوە،زۆربەی عالم و زاناکانی عێراق،دوای دەکەون و پەیڕەوی لە بیر و بڕواکەی دەکەن،لە پاش دووساڵ تەشریفی دەڕواتەوە بۆ مەککە و چەند مانگێك لەوێ دەمێنێتەوە،ئینجا بۆ جاری دووەم دەێتەوە بۆ بەغدا،لەو کاتەدا ئیمامی ئەحمەد،لە بەغدادا،مەزهەبێکی سەر بەخۆی دانابوو،زۆر زاناو دانا بوو،زۆری خەڵك دوای کەوتبوو،

كە ((ئیمامی شافعی))گەڕایەوە بەغدا،ئیمامی ئەحمەد کە دەیان گووت سێ سەد حەدیسی لە بەرە،بە زۆری دەچووە مەجلیسی((ئیمامی شافعی))و گوێی لە فەرمایشتەکانی دەگرت،
ڕۆژێك پەیڕوانی لۆمەیان کرد و عەرزیان کرد،قوربان،زۆرمان لا سەیرە کە جەنابت بەو عیم و زانیاریەوە،دەچی گوێ لە گەنجێکی بیست پێنج ساڵە ئەگری؟بۆ ئەو کوڕە گەنجە،ڕەفاقەتی ئەو هەموو زانا ئوستادانەت تەرك کردووە.! ئیمامی ئەحمەد لە وەڵامیاندا دەی فەرموو:ئێوە نازانن و نای ناسن،سدەرگای شاری شەریعەت،دووکان و بازاڕی پێوە درا بوو،داخرا بوون،خوای گەورە بە هۆی ئەو کوڕە گەنجە کردنیەوە،فەرمووی:ئەوەی ئێمە لەفزەکانمان لەبەر کردووە،ئەو مەعناکەی دەزانێ،
فەرمووی: نەك هەر من،بەڵکو هەموو مسوڵمانان قەرزداری ((ئیمامی شافعین))،دەبێ دووعای خێری بۆ بکەن،
شیخ عبداللە‌ی ئەنساریش،لە مەدحی،((ئیمامی شافعی))دا،دەفەرمووێ:هەر چەند من لە سەر مەزهەبی،((ئیمامی شافعی))نیم،بەڵام زۆرم خۆشەوێ،چونکە لە هەر مەقامێک تەماشا دەکەم،((ئیمامی شافعی لە پێشەوەیە،
دەڵێن:ڕۆژێك،هاروونە ڕەشید،خەلیفەی بەغدا،لەگەڵ ستە زووبەیدەی خێزانی لە سەر شتێك دەکەونە کێشە،سیتە زوبەیدە توڕە دەبێ و بە هاروونە رەشید دەڵێ:تۆ جەهەنمی،هاروونە ڕەشید زۆری پێ ناخۆش دەبێ،ئەویش تووڕە دەبێ،دەڵێ:ئەگەر من جەهەنمی بم،تەڵاقت بکەوێ،بە تووڕەییەوە،لێك جیا دەبنەوە،هاروونە ڕەشید سیتە زوبەیدەی زۆر خۆشویستووە،زۆری بۆ پەرۆش دەبێ،دەنێرێ بە دوای تەواوی عولەمای بەغدا،داوای فتوایان لێ دەکا،کەس ناتوانێ پێی بڵێ:تەڵاقەکەت کەوتووە یان نەکەوتووە،چونکە دەڵێن:خوا دەزانێ،داخۆ هاروونە ڕەشید بەهەستیە یان دۆزەخیە،؟((ئیمامی شافعیش)) لەوێ دەبێ بەڵام لە چاو زاناکان،زۆر گەنج دەبێ،کە دەزانێ کەس لە خۆی ڕانابینێ،وەڵامی بداتەوە،لە جێگای خۆی هەڵدەستێ و دەڵێ:ئەگەر ڕێگام بدەن،من وەڵامی ئەدەمەوە،زۆربەی ئەوانەی نایناسن،دەڵێن:سەیری ئەو فەقێیە،چۆن خۆی شێت کردووە،لە جێگاییەك،تەواوی زانای بەغدا ناتوانن وەڵامی بدەنەوە،ئەو دەتوانێ؟بەڵام هاروونە ڕەشید بانگی کردە لای خۆی و گووتی:فەرموو:فتواکەت بڵێ:بزانین چی دەڵێی،؟((ئیمامی
شافعی))فەرمووی:ئەی خەلیفە،ئێستا تۆ کارت بە ئێمەیە،یان ئێمە کارمان بە تۆیە،؟گووتی:من کارم بە ئێوەیە،ئینجا،((ئیمامی شافعی))فەرمووی:کە واتە زەحمەت نەبێ،جارێ لە سەر کورسیەکەت وەرە خوارەوە،چونکە مەرتەبە وپلەو پایەیی زانا،لە هی جەنابت بەرزترە،هاروونە ڕەشید هاتە خوارەوە،ئەوا هەموو زانا عالمانی ناو مەجلیسەکە واقیان ووڕما و گوێیان گرتووە و تەماشا دەکەن،((ئیمامی شافعی))ڕووی کردە هاروونە ڕەشید و گووتی:پرسیارێکت لێ دکەم وەڵام بدەرەوە،ووتی:فەرموو:فەرمووی:ئەی خەلیفەی ئیسلام،ئەوەتەی تۆ بویە خەلیفە،قەت وا ڕیکەوتووە دەستەڵاتت بە سەر تاوانبارێکدا بوو بێ و لە بەر خەوفی خوا،؟مووخالەفەی ئارەزووی نەفست کردبێ.؟گووتی:بەڵێ:بە خوا چەند جاری وابووە،لە سەر رەزای خوا خەڵکم بەخشیوە،((ئیمامی شافعی))فەرمووی:ئەوا حوکمم کرد کە تۆ تەڵاقت نەکەوتوو ە و بەهەشتیت،مەلاکان هەریەکە لە لایەکەوە دەنگی بەرز بوویەوە،بە تووڕەیەوە ووتیان تۆ بە چ دەلیلێك ئەو فتوایە دەدەی؟((ئیمامی شافعی)) زۆر بە هێواشی لە سەر خۆیەوە فەرمووی:بەڵگەو دەلیلم ئەو ئایەتەی سوورەی((نازعات))ە کە دەفەرمووێ:
[و آما من خاف مقام ربە و نهی النفس عن الهوی فآن الجنە هی المآوی]هەر کەسە لە بە ر ترسی خوا موخالەفەی ئارەزووی نەفس بکا ئەوە جێگای بە هەشتە،زۆر بەی مەلاکان،زۆریان ئافەرین کرد و دوعای بە خێریانبۆ کرد و هاروونە ڕەشید و سیتە زوبەیدەش پێك شاد کردنەوە،و خەڵاتێکی زۆر باشیان دایە بەڵام وەری نەگرت،سەفەرێك دەکا بۆ یەمەن و لەو کاتەدا کە مامێکی دەبێتە قازی

یەمەن،چەند مانگێك لە یەمەن،دەمێنێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و قەولی قەدیمی لە عالەمی
ئیسلام دا بڵاو دەكاتەوە ،ئینجا دەچێ بۆ میسر و لە وێش قەولی جەدیدی بڵاو دەبێتەوە،((ئیمامی
شافعی))،وەك كانێكی ئاڵوون ،تا ڕۆژی حەشر سوودی بۆ بەری ئادە یزاد هەیە و ئیستیفادەی لێ
دەكرێ،بێجگە لەو هەموو فیتواو شەریعەت و مەزهەبەی كە ملوێنەها كەس پەیڕەوی لی دەكا،دەیان
قسەی بە نرخی ئامۆژگاری فەرمووە:بۆ وێنە دەفەرمووێ:لە هەموو كەس زاڵمتر ئەو كەسەیە،كە
تەوازووع لە بەر كەسێك بكا كە ئیحترامی نەگرێ و ،كە سێكی خۆشبووێ،كە هیچ كەڵكی
نەبێ،دەفەرمووێ:بۆ زانای ئایینی هیج شتێ لە قەناعەت و ڕازی بوون بە دەست كوورتی جوانتر
نیە،دەی فەرموو:هەوڵ بدەن لە پێش ئەوەدا ببنە كار بەدەست،شەرع فێر بن ،دەی فەرموو: جوانی
بۆ زانایان ئەوەیە نەفسیان دەنی نەبێ زەینەتی عیلم و وەرع و حیلمە،دەی فەرموو:عیلم ئەوەنیە لە
بەری كەیت وبیزانی ،عیلم ئەوەیە سوودی هەبێ و عەمەلی پێ بكەی،دەی فەرموو:كەسێك بە هۆی
تەقواو تاعەت و چاكەو پیاوەتیەوە،گەورە نەبێ قەت گەورە نابێ،دەڵێن:((ئیمامی شافعی))وا پیر
نەبووبوو پێ ویستی بە گۆچان و عەسا بێ،بەڵام بە زۆری عەسای بە دەستەوە دەگرت،ڕۆژێك
عەرزی دەكەن دەڵێن:قوربان ،خۆ لە سایەی خواوە،جەنابت پیر و بێ تاقەت نی،ئەی بۆچی بە
زۆری عەسا بە دەستەوە دەگری،؟دەفەرمووێ:بۆ ئەوەی هەمیشە وا بزانم لە دنیادا سەفەریم،دە
فەرموو:كارێک مەكەن كە سووكتان بكا،دەی فەرموو: ئگەر ئاوی سارد زەرەری بۆ پیاوەتی
ببوایە قەت نەم دەخواردەوە،دەی فەرموو:نیشانەی ڕەفیق هاوڕێ ی ڕاست ئەوەیە عوزرت لێ
قبوڵ كاو ،ئیشێكت بوو، بە دڵ بۆت جێ بەجێ بكا و غەڵێتكت كرد،عەفووت بكا .دەی
فەرموو:هیچ خۆشیەك وەك خۆشی بەیەك گەیشتنی دوو دۆست و هاوڕێی نیە،هیج خەمێكیش وەك
خەمی لێك جیابوونەوە نیە،دەی فەرموو:ئەوەی چاكەت لەگەڵ دەكا دەتبەستێتەوە و ئەوەی خراپەت
لەگەڵ دەكا ئەوە بەرالآت دەكا،دە ی فەرموو:بەرز ترین كەس ئەو كەسەیە، كە خۆی بە بەرز
نەزانێ،دەی فەرموو:تا ئێستا حورمرتی هەركەسێكم زیاد لە ئەندازە گرتبێ حورمرتی خۆم ئەوەندە
كەم بۆتەوە،((ئیمامی شافعی))سام و هەیبەتی زۆر بووە و ،دەڵێن:هیچ شاگردێكی
نەیتوانیەوە،((ئیمامی شافعی))تە ماشای بكا و ئاوی بۆ بخورێ،دەی فەرموو:كەرامەت و
سەخاوەت ،عەیبی دنیا و قیامەتی ئینسان دادەپۆشن،دەت فەرموو:لای خەڵك باسی عومر و تەمەنی
خۆتان مەكەن،چونكە ئەگەر تەمەنت كەم بێ،بە بچوكت تە ماشا دەكەن و ئەگەر زۆریش بێ بە
پیرت دادەنێن،دەی فەرموو:خۆتان بە پاك و خاوێنی ڕاگرن ،تا خەمتان كەم بێ و خۆتان بۆن خۆش
كەن،تا عەقڵ تان زیاد بێ،بۆ زانینی ساڵی لە دایك بوون و ماوەی تەمەنی و ساڵی وەفاتی،بە حسابی
ئەبجەد ئەو نیوە شعرەیان داناوە، دەڵێن:[والشفعی صین ببرند] واتە ئیمامی شافعی لە ((صین))دا لە
دایك بووە،كە بە حیسابی ئەبجەد((ص))((نەوەد))ەو((یا))((دە))یەو ((ن))((پەنجا))یە،واتە لە ساڵی
سەت و پەنجا،لە دایك بووە و وە لە ((ببر))دا وەفاتی كردووە،كە دوجار ((ب))دەكاتە(((چوار))و
((ر))((دوو سەت))واتە:لە ساڵی دوو سەت چواری كۆچیدا،وەفاتی
فەرمووە،تەمەنیشی،((ند))یە،كە((ن))((پەنجا))یە و((د)) ((چوار))،واتە:پەنجاو چوار ساڵ
ژیاوە،مسوڵمانینە،ئەوە بوو بە كورتی و كوردی باسی دڵۆپێك لە دەریایی زانیاری((ئیمامی
شافعی)).